# لێکۆڵینەوە وڕوونکردنەوەی زۆرێک لەبابەتەکانی حەج وعومرە وزیارەت

## بەشی : میقات وجێگاکانی ئیحرام بەستن، ودیاری کردنیان

# التحقيق والإيضاح لكثير من مسائل الحج والعمرة والزيارة

## فصل : في المواقيت المكانية وتحديدها

< کوردی - كردي - kurdish >

سەماحەتی شێخ عبد العزيز بن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت )

سماحة الشيخ عبد العزيز بن عبد الله بن باز (رحمه الله )

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# میقات وجێگاكانی ئیحرام بەستن، ودیاری كردنیان

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی كوڕی عەبدوڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

خۆشەویستان لەم ووتارەدا بە ووردی باسی ئەو جێگایانە دەكەین كە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) وەك میقاتی حەج وعومرە دیاری كردوون، و واجبە ئەو كەسەی كە حەج یان عومرە یان هەردووكیان دەكات لێیان تێپەڕ نەكات بێ ئەوەی نیەتیان بۆ بهێنێت وئیحرامیان بۆ ببەستێت، بۆیە ئەو كەسەی نیەتی حەج یان عومرەی هەیە، كاتێك گەیشتە ئەو جێگایانەی كە پێی دەڵێن میقات دەبێت، تێپەڕ نەكات ونیەتی ئیحرام بهێنێت، وبە پێی ئەو ڕێنومایانە هەڵسوكەوت بكات كە لەم ووتارەدا باسیان لێوە دەكەین، بەیارمەتی خوای گەورە :-

**میقات وجێگاكانی ئیحرام بەستن پێنج میقات وجێگان :**

**یەكەم :** ( ذو الحلیفة ) میقات و جێگای ئیحرام بەستنی خەڵكی مەدینەیە، ئێستا خەڵكی پێی دەڵێن : ( أبیار علي ) .

**دووەم :** ( الجحفة ) میقات و جێگای ئیحرام بەستنی خەڵكی شامە ( مەبەست پێی ووڵاتانی ئوردون وفەلەستین وسوریا ولوبنانە ) ئەم جوحفەیە كاتی خۆی گوندێكی كاولە بووە، ئەكەوێتە دوای ئەو جێگایەی كە پێی دەڵێن ( رابغ )، ئەمڕۆ خەڵكی لە ( رابغ ) ئیحرام دەبەستن، بۆیە هەركەسێك لە ( رابغ ) ئیحرام ببەستێت، ئەوە ئیحرامی لە میقات بەستووە، چونكە ( رابغ ) كەمێك پێش جوحفەیە .

**سێهەم :** ( قرن المنازل ) لە ئەمڕۆدا پێی دەڵێن ( السیل الكبیر ) میقات و جێگای ئیحرام بەستنی خەڵكی نەجدە ( مەبەست پێی ئەو شارانەیە كە دەكەونە ڕۆژهەڵاتی

حجازەوە وەك شارەكانی ریاز ودەمام و ئەحساء وخوبەر وزەهران ) هەروەها وولاتانی بەحرەین و قەتەر و ئیمارات وسەڵتەنەی عەمانە.

**چوارەم :** ( یلملم ) میقات و جێگای ئیحرام بەستنی خەڵكی یەمەنە .

**پێنجەم :** ( ذات عرق ) میقات و جێگای ئیحرام بەستنی خەڵكی عێراقە .

ئەم میقات و جێگای ئیحرام بەستنانەی كە ئامازەمان پێدا، پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دیاری كردوون، ئیحرامی ئەو وولات و شارانەن كە باسمانكردن، وە میقاتی ئەو كەسانەشن بەویدا تێپەڕ دەكەن بە مەبەستی بەجێهێنانی حەج وعومرە، بۆیە واجبە هەر كەسێك نیەت ونیازی حەج وعومرەی هەبوو، وە بەو جێگایانەدا تێپەڕ بوو ئەوا دەبێت لەوێ نیەت بهێنێت وئیحرام ببەستێت، وە حەرامە و بۆی دروست نیە ئەگەر مەبەستی حەج وعومرە بوو، ئەو جێگایانە تێبپەڕێنێت ونیەتی ئیحرام نەهێنێت وئیحرام نەبەستێت، جا تێپەڕ بوونەكەی بە ڕێگای زەمینی بێت یان ئاسمانی، جیاوازی نیە و نابێت بەبێ ئیحرام بەستن ئەو سنورانە ببەزێنێت، بە بەڵگەی گشتگیری ئەو فەرموودەیەی كە پێغەمبەری خوا ( صلى الله علیه وسلم ) فەرموویەتی:{ هن لهن ولمن أتى عليهن من غير أهلهن ممن أراد الحج والعمرة } (1).

واتا : ئەو جێگایانە میقاتی ئەو شوێنانەن كە باسمان كردن، وە میقاتی ئەو كەسانەشن كە خەڵكی ئەو شوێنانە نین و لەوێوە تێپەڕ دەبن بە مەبەستی حەج وعومرە .

**بابەتێک : ئەوەی کە واجبە لەسەر ئەو کەسانەی کە بەرێگای ئاسمانی دەگەنە مەککە :**

بۆیە ڕێگا پێدراوە وچاكوایە ئەو كەسەی كە بەمەستی حەج وعومرە ڕوو دەكاتە مەككە پێش ئەوەی سواری فڕۆكەكەی بێت خۆی ئامادە بكات وخۆی بشوات و پێشەكیەكانی ئیحرام بەستن جێ بەجێ بكات، جا كاتێك نزیك بوویەوە لە میقات ( إزار ورداء )

(1) بوخاری لە ( كتاب الحج، باب مهل أهل الشام ) بە فەرموودەی ژمارە (1526)، وە موسلیم لە ( كتاب الحج، باب مواقیت الحج والعمرة ) بە فەرموودەی ژمارە (1181) لە عەبدوڵای كوڕی عەباسەوە ڕیوایەتیان كردووە .

پشتەماڵ ودەرەدامانەكەی بدات بەخۆیدا، پاشان نیەتی ئیحرامی عومرە بهێنێت ئەگەر كاتەكەی فراوان بوو، خۆ ئەگەر كاتەكە درەنگ وتەسك بوو ئەوا با نیەتی حەج بهێنێت، خۆ ئەگەر ( إزار ورداء )ـەكەی پێش سوار بوونی فرۆكەكە یان پێش نزیك بوونەوە لە میقات لەبەر كرد ودای بەخۆیدا هیچ گرفتێك نیە وقەیناكات، بەڵام دەبێت نیەتی چوونە ناو ئیحرامەوە نەهێنێت تا دەگاتە ئاستی ئیحرام یان نزیك دەبێتەوە لێی، چونكە پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم ) ئیحرامی نەبەستووە و نیەتی بۆ نەهێناوە لە میقات نەبێت، بۆیە واجبە ئێمە وەك موسڵمان چاو لە پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) بكەین وئەو سەرمەشقی هەموو شتێكمان بێت لە كاروباری دین ودینداریماندا، خوای گەورەش فەرموویەتی: ﴿ لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٌ ﴾ [الأحزاب: ٢١ ] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) چاكترین نموونەی ڕێك و پێكی و سەرمەشقە بۆتان .

وە پێغەمبەری خوایش (صلی اللە علیە وسلم )لە حەجی ماڵئاواییدا فەرمووی : {خذوا عني مناسككم } [1].

واتا : ڕێنومایی وچۆنیەتی ئەنجامدانی مەناسیك وئەركان و واجباتەكانی حەج وعومرە لەمنەوە وەربگرن، وفێری ببن .

**بابەتێك : ئەو كەسەی دەچێت بۆ مەككە و نیەتی ئەنجامدانی حەج وعومرەی نیە :**

بەڵام ئەوكەسەی كە مەبەستی لە چوون بۆ مەككە حەج وعومرە نەبێت، وەك ئەو كەسەی بۆ بازرگانی، یان بۆگەیاندنی پۆستەیەك، بۆ هەر گەشتێك دەچێت، ئەوا واجب نیە كە ئیحرام ببەستێت، مەگەر خۆی ئارەزوو بكات و حەزی لەوە بێت ئیحرام

(1) موسلیم لە (كتاب الحج، باب استحباب رمي جمرة العقبة یوم النحر راكبا) بە فەرموودەی ژمارە (1297) لە جابری كوڕی عەبدوڵای ڕیوایەتی كردووە .

ببەستێت، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { هن لهن ولمن أتى عليهن من غير أهلهن ممن أراد الحج والعمرة } (1).

واتا : ئەو جێگایانە میقاتی ئەو شوێنانەن کە باسمان کردن، وە میقاتی ئەو کەسانەشن کە خەڵکی ئەو شوێنانە نین و لەوێوە تێپەڕ دەبن بە مەبەستی حەج وعومرە .

مەفهومی ئەم فەرموودەیە ئەوە دەگەیەنێت، ئەو کەسەی کە لەو جێگایانەوە تێپەڕی کرد و مەبەستی بەجێهێنانی حەج وعومرە نەبوو، ئەوا پێویست نیە لەسەری ئیحرام ببەستێت .

ئەمەش یەکێکە لە سۆز ومیهرەبانیەکانی خوای گەورە بەرامبەر بەندەکانی کە کار ئاسانی بۆ کردوون داوای ئیحرام بەستنی لێ نەکردوون بۆ چوونە مەککەوە، بۆیە دەبێت شوکر وسوپاسی خوای گەورە بکەین لەسەری، ئەوەشی کە پشتگیری ئەمە دەکات ئەوەیە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەو ساڵەی کە فەتحی مەککەی تێدا کرا وگەڕایەوە بۆ ئەو شارە، ئیحرامی نەبەست، بەڵکو کاتێك چووە ناو مەککەوە خودەیەکی لە زرێ دروستکراوی بەسەرەوە بوو، چونکە لەو سەفەرەیدا پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) نیەتی ئەنجامدانی حەج یان عومرەی نەبووە، بەڵکو مەبەستی ڕزگار کردنی شاری مەککە و پاککردنەوەی بوو لە شیرك وبت پەرستی .

### بابەتێک : ئەو کەسانەی ماڵیان لە پاش میقاتەوەیە لەڕووی مەککەوە، دەبێت لەکوێ نیەت بهێنن وئیحرام ببەستن ؟

سەبارەت بەو کەسانەیش کە ماڵ وشوێنی نیشتەجێ بوونیان لەخوار جێگاکانی میقاتەوەیە، وەك شاری جدە، وأم السلم، وبەحرە، وشەرائع، وبەدر، ومەستورە،

(1) بوخاری لە ( كتاب الحج، باب مهل أهل الشام ) بە فەرموودەی ژمارە (1526)، وە موسلیم لە ( كتاب الحج، باب مواقيت الحج والعمرة ) بە فەرموودەی ژمارە (1181) لە عەبدوڵای کوڕی عەباسەوە ڕیوایەتیان کردووە .

وجێگاکانی تر، ئەوە دانیشتوانی ئەو شوێنانە واجب نیە لەسەریان بڕۆن بۆ یەکێك لەو پێنج میقاتەی کە باسمانکردن، بەڵکوماڵەکەی خۆی میقاتەکەیەتی، وە ئەگەر وویستی حەج یان عومرە بکات ئەوە هەر لەماڵەکەی خۆی نیەت دەهێنێت ئیحرام دەبەستێت .

**بابەتێک : ئەو کەسەی کە ماڵێکی لە پێش میقات وماڵێکی تریشی لەدوای میقاتەوە هەیە، ئایا دەبێت لەکوێ ئیحرام ببەستێت ؟**

ئەگەر هاتوو کەسێك ماڵێکی هەبوو لەو دیوو جێگاکانی میقاتەوە، و ماڵێکی تر هەبوو لە پاش میقاتەوە، ئەوە ئەو کەسە سەرپشکە لەوەی کە بڕواتەوە بۆ میقات بۆ ئیحرام بەستن، یان هەر لەو ماڵەی کە لە خوار میقاتەوەیە نیەتی خۆ بهێنێت وئیحرام ببەستێت، بە بەڵگەی گشتگیری ئەو فەرموودەیەی کە عەبدوڵای کوڕی عەباس ( خوا لەخۆی وباوکی ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردبوو، کە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) پاش ئەوەی کە باسی میقات وجێگاکانی ئیحرام بەستنی کرد، فەرمووی :

{ ومن كان دون ذلك فمهله من أهله حتى أهل مكة يهلون من مكة } [(1)].

واتا : ئەو کەسەشی کە ماڵی لەخوار ئەم میقاتانەوە بێت لەڕووی مەککەوە نزیکتر بێت، ئەوە هەر لەماڵەکەی خۆیەوە نیەت دەهێنێت وئیحرام دەبەستێت، تەنانەت خەڵکی مەککە لەناو مەککەوە نیەت دەهێنن وئیحرام دەبەستن .

**بابەتێک : ئەو کەسەی کە نیشتەجێی مەککەیە، یان حاجیە وحەجی تەواو کردووە، دەبێت لەکوێ ئیحرامی عومرە ببەستێت ؟**

ئەو کەسەی کە ماڵی لە سنوری حەرەمدایە ودەیەوێت عومرە بکات، ئەوە دەبێت لە سنوری حەرەم بچێتە دەرەوە بۆ ( حل ) ولەوێ نیەت بهێنێت وئیحرام ببەستێت، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) کاتێك عایشەی دایکی باوەڕداران (خوای لێ ڕازی بێت ) داوای لێکرد کە عومرەکەی بکاتەوە، پێغەمبەری خوا ( صلی اللە

(1) بوخاری لە ( كتاب الحج، باب مهل أهل الشام ) بە فەرموودەی ژمارە (1526)، وە موسلیم لە ( كتاب الحج، باب مواقيت الحج والعمرة ) بە فەرموودەی ژمارە (1181) لە عەبدوڵای کوڕی عەباسەوە ڕیوایەتیان کردووە .

علیه وسلم ) داوای كرد لە عەبدوڕەحمانی برای عائیشە، كە لەگەڵیدا بچێتە دەرەوەی سنوری حەرەم بۆ ( تەنعیم ) تاوەكو لەوێ نیەت بهێنێت وئیحرام ببەستێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو كەسەی كە دەیەوێت عومرە بكات نابێت لە سنوری حەرەمدا نیەت بهێنێت وئیحرام ببەستێت، بەڵكو دەبێت بچێتە دەرەوەی سنوری حەرەم بۆ ( حل ) .

ئەو فەرموودەیەش كە باسمانكرد، فەرموودە گشتگیرەكەی عەبدوڵای كوڕی عەباس تایبەت دەكات بەوەی كە مەبەست لە مانا ومەبەستی ئەم فەرموودەیەی كە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : **{ ومن كان دون ذلك فمهله من أهله حتى أهل مكة يهلون من مكة }** [1].

واتا : ئەو كەسەشی كە ماڵی لەخوار ئەم میقاتانەوە بێت لەڕووی مەككەوە نزیكتر بێت، ئەوە هەر لەماڵەكەی خۆیەوە نیەت دەهێنێت وئیحرام دەبەستێت، تەنانەت خەڵكی مەككە لەناو مەككەوە نیەت دەهێنن وئیحرام دەبەستن .

مەبەست پێی نیەت هێنان و ئیحرام بەستنە بۆ حەج، نەك عومرە، چونكە ئەگەر بهاتایە دروست بوایە لە سنوری حەرەمدا نیەت بۆ عومرە بهێنرایە وئیحرام ببەسترایە، ئەوا پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) مۆڵەتی دەدا بە عائیشەی دایكی باوەڕداران ( خوای لێ ڕازی بێت ) كە هەر لەناو مەككەوە نیەت بهێنێت وئیحرام ببەستێت، و داوای لێ نەدەكرد كە بچێتە دەرەوەی سنوری حەرەم بۆ ( حل )، ئەمەش زۆر ڕوون وئاشكرایە وتەئویل هەڵناگرێت، جمهوری زانایانیش ( ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ) لەسەر ئەم ڕایەن، چونكە بە ئیحتیاط ترە بۆ باوەردار، چونكە كارێكی لەو شێوەیە مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی كە كاری بە هەردوو فەرموودەكە كردووە، خوای گەورە هەموو لایەك سەركەوتوو سەرفراز بكات .

---

(1) بوخاری لە ( كتاب الحج، باب مهل أهل الشام ) بە فەرموودەی ژمارە (1526)، وە موسلیم لە ( كتاب الحج، باب مواقیت الحج والعمرة ) بە فەرموودەی ژمارە (1181) لە عەبدوڵای كوڕی عەباسەوە ڕیوایەتیان كردووە .

**بابەتێک : زۆر ئەنجامدان ودووبارە کردنەوەی عومرە لە لایەن حاجیان وعومرەکارانەوە، ئەوانەی کە هاتوون ولە مەککەن :**

سەبارەت بەوەش کەهەندێك خەڵکی پاش حەج کردن عومرەی زۆر دەکەن، بویە دەچنەوە بۆ ( تە نعیم ) یان بۆ ( جەعرانە ) یان بۆ غەیری ئەوانیش، ئەگەر هاتوو پێش حەجەکەی عومرەی کردبوو، ئەوا ئەم کارەی هیچ بەڵگەیەکی شەرعی بوونی لەسەر نیە، بەڵکو بەڵگەکان لەسەر ئەوەن باشتر وایە ئەگەر پێش حەج عومرەی کردبوو، پاش حەجکردن ئیتر عومرەی تر نەکاتەوە، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى اللە علیە وسلم ) و هاوەڵانی بەرێزی ( خوایان لێ رازی بێت ) پاش تەواو بوون لە حەجکردن عومرەی تریان ئەنجام نەداوەتەوە، بەڵکو تەنها عائیشەی دایکی باوەڕداران ( خوای لێ ڕازی بێت ) ئەو کارەی کردووە، ئەویش لەبەر ئەوەی لەگەڵ خەڵکیدا کاتێك هاتە ناو مەککەوە عومرەی نەکرد، چونکە کەوتبوە سوڕی مانگانەوە، بۆیە داوی لە پێغەمبەری خوا ( صلى اللە علیە وسلم ) کرد کە مۆڵەتی بدات لەبری ئەوەی عومرەی کە نیەتی ئیحرامی بۆ هێنا بوو لە میقات و نەیتوانی لەگەڵ خەڵکیدا بیکات، عومرەیەکی تر ئەنجام بدات، ئەوە بوو پێغەمبەری خوا ( صلى اللە علیە وسلم ) مۆلەتی دا وعەبدوڕەحمانی برای لەگەڵدا ناردەوە بۆ ( تەنعیم ) تاوەکو لەوێ کە دەکەوێتە دەرەوەی سنوری حەرەم نیەت بهێنێت وئیحرام ببەستێت، بەمەش دوو عومرەی بە نسیب بوو، ئەو عومرەیەی کە لەگەڵ حەجەکەی بوو، ئەم عومرەیەش کە بەتەنها ئەنجامیدا، جا ئەگەر هاتوو کەسێك تووشی حاڵەتێکی لەو شێوەیەی عائیشەی دایکی باوەڕداران بێت ( خوای لێ ڕازی بێت ) ، ئەوە هیچ کێشە وگرفت نیە، دەتوانێت پاش تەواو کردنی حەجەکەی، عومرەکەی بکات، ئەویش لە ژێر ڕوشنایی کار کردن بە بەڵگە گشتگیرەکان و فراوانکردنی مەجال لەسەر موسڵمانان .

گومانی تێدا نیە دووبارە کردنەوەی عومرە و سەرقاڵ بوونی حاجیان بە ئەنجامدانی عومرەی ترەوە دوای حەجەکەیان، جگە لەو عومرەی کە سەرەتا هاتوون کردویانە،

دەبێتە هۆی نارەحەتکردن وئەزیەت وئازار بۆ هەمووان، و هکارێکیشە بۆ دروست بوونی قەرەباڵەخی ودروست بوونی ڕووداوی نەخوازراو، لە هەمان کاتدا دووبارە کردنەوەی ئەم جۆرە عومرانە جگە لە عومرەی یەکەمجار، پێچەوانەی سوننەت وکرداری پێشەوامان پێغەمبەری خوایە ( صلى الله عليه وسلم )، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە تەمەنیدا چوار عومرەی کردووە لە چوار سەفەری جیاجیادا، ئەگەر کارێکی باش بوایە بێگومان ڕێنومایی ئومەتەکەی دەکرد، بۆیە کە نەیکردووە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خێر وچاکە لەوەدایە شوێن سوننەت وهەدی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بکەوین، خوای گەورەش زانا وشارەزاترە .

[ لە کۆتاییەوە لەخوای گەورە دەپاڕێینەوە حەجی حاجیانی هەموو جیهان گیرا بکات بە تایبەتی حاجیانی کوردستان، وە حەجەکەیان بگێڕێت بە حەجێکی مەبرور، کە پاداشتەکەی لای خوای گەورە ومیهرەبان تەنها بەهەشتی نەبڕاوە و هەتا هەتاییە، خوایە ئەم نزا وپاڕانەوەمان لێ گیرا بکەیت، اللهم امين يارب العالمين] وەرگێڕ .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم .